# حوكمی نوێژ نەكەر

[ كردي – كوردی – kurdish ]

ئامادەكردنی: حەمزە بەرزنجی
سەرچاوە: سایتی ئیسلام پەیك
www.islampaik.org

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

٢٠٠٩ - ١٤٣٠
islamhouse.com

# ( حكم تارك الصلاة )

« باللغة الكوردية »

إعداد: حمزة برزنجي
المصدر: موقع إسلام به يك
www.islampaik.org

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣٠ - ٢٠٠٩

islamhouse.com

# حوكمی نوێژ نەكەر

خوای گەورە دەفەرموێت:{فخلف من بعدهم خلف أضاعوا الصلاة واتبعوا الشهوات فسوف يلقون غيا}وەدەفەرموێت: { كل نفس بما كسبت رهينة ، إلا أصحاب اليمين ، في جنات يتساءلون عن المجرمين، ماسلككم فی سقر ، قالوا لم نک من المصلين ...}، وەدەفەرموێت: { فإن تابوا وأقاموا الصلاة واتوا الزكاة فإخوانكم فی الدين}، وەپێغەمبەر (صلی الله عليه وسلم) دەفەرموێت: ((بين الرجل وبين الشرک والكفر ترک الصلاة)) (رواه مسلم) ...واتە: نێوان پیاوی موسڵمان و نێوان شیرک و كوفر وازهێنانە لە نوێژ . وەدەفەرموێت: (( أول مايحاسب به العبد يوم القيامة الصلاة فإن صلحت صلح له سائر عمله ، وإن فسدت فسد سائر عمله )) (صحيح رواه الطبرانی ...) واتە:یەكەم كردەوەیەک كەبەندە موحاسەبەی دەكرێت لە ڕۆژی دواییدا لەسەری نوێژە . ئەگەر تەواو بوو ئەوا سەرجەم كردەوەكانی تەواو دەبێت و ئەگەر تەواو نەبوو كردەوەكانی تری تەواو نابێ.

وەدەفەرموێت: ((أمرت أن أقاتل الناس حتى يشهدوا أن لا إله إلا الله وان محمدا رسول الله ويقيموا الصلاة ويؤتوا الزكاة فإن فعلوا ذلک عصموا مني دماءهم وأموالهم إلا بحقها وحسابهم على الله)) (متفق عليه).

واتە: فەرمانم پێكراوە لەگەڵ خەڵكیدا كە بەجەنگ بێم هەتا شایەتی دەدەن كەهیچ خوایەک نییە جگە لە (الله) وە محمد پێغەمبەری خوایەو تا نوێژ دەكەن و زەكات دەدەن . ئەگەر ئەمەیان كرد خوێن و ماڵیان لەمن دەپارێزرێ تەنها بە مافی ئیسلام نەبێت وحسابی ئەوان لەلای خودایە .

وەدەفەرموێت: ((إن حوضی لأبعد من أيلة من عدن ، والذی نفسي بيده لآنيته أكثر من عدد نجوم السماء. ولهو أشد بياضا من اللبن ، واحلى من العسل ، والذی نفسی بيده إنی لأذود عنه كما يذود الرجل الابل الغريبة عن حوضه ، قالوا يارسول الله أو تعرفنا ؟ قال : نعم ، تردون على الحوض غرا محجلين من آثار الوضوء ، ليست لأحد غيركم)) (رواه مسلم)

واته: حەوزەکەی من فراوانترو دورترە لەئەیلە لە عەدەنەوە، سوێند بەو خوایەی نەفسی منی بەدەستە پەرداخەکانی زۆرترەلەژمارەی ئەستێرەکانی ئاسمان ، وەسپی ترە لەشیر و شرینترە لە هەنگوین وەسوێند بەو خوایەی نەفسی منی بەدەستە من خەڵکی لیٚدوور دەخەمەوە هەروەکو چۆن پیاو حوشتری نامۆ لەحەوزەکەی دوور دەخاتەوە. وتیان : ئەی پێغەمبەری خوا ئایا ئێمە دەناسیتەوە؟ فەرمووی : بەڵێ دێنە سەر حەوزەکە بۆ لام بەناوچەوان و لۆقی سپییەوە بەهۆی شوێنەواری دەست نوێژەکانتانەوە. ئەم سیفەتەش بۆ ئێوە نەبێ بۆ کەسی تر نییە لەئومەتەکان

دەسا ئەی نوێژ نەکەر ئەبێ هەڵوێستت چی بێ‌لەو ڕۆژە نارەحەتەدا کاتێ پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) لەحەوزەکەی دوورت دەخاتەوە لەبەر نوێژ نەکردنت. چونکەشوێن کەوتوانی خۆی ئەناسیتەوە بەهۆی شوێنەواری دەست نوێژیان داو تۆش شوێنەواری دەست نوێژت نییەچونکە نوێژت نەکردووە؟! دەی باشەبەم هەموو دوورکەوتنەشتەوەدەتەوێ بچیتەبەهەشت.

وەخوای گەورە نەفرەتی لەشەیتان کرد و لەڕەحمەتی خۆی دەری کرد و لەڕۆژی دوایی دا بەهەمیشەیی لەدۆزەخ دا یەچونکەخۆی بەزل زانی و سەجدەی بۆ ئادەم نەبرد کاتێخوا فەرمانی پێکرد { وإذ قلنا للملائكة اسجدوا لآدم فسجدوا إلا إبليس أبى واستكبر وكان من الكافرين} دەی سا ئەبێ ئەو کەسە حاڵی چۆن بێ‌کەسە جدە بۆ خوا نابات و سەرپێچی دەکات ؟ لەکاتێکدا خوا دەفەرموێت: { وماخلقت الجن والأنس إلا ليعبدون} وەدەفەرموێت: {قل لعبادي الذين آمنوا يقيموا الصلاة} وەعومەری کوری خەتتاب (ڕەزای خوای لیٚبێت ) کاتێ هۆشی هاتەوە دوای ئەوەی خەنجەرەکەیان لیٚدا کەپێوەی کۆچی دوایی کرد؟ ، فەرمووی ئایا خەڵکی نوێژیان کرد؟ ووتیان بەڵێ، فەرمووی : "لا حظ في الاسلام لمن ترك الصلاة"، واتە: بەشی نیە لەئیسلامەتی ئەو کەسەی واز لەنوێژ دەهێنێت .

وەهاوەڵەکانی پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) نەکردنی هیچ کردەوەیەکیان بەکوفر نەدەزانی جگەلەنوێژ ، وە(ابن مسعود) دەفەرموێت : "من ترك الصلاة فلا دين له"، واتە: ئەوەی واز لەنوێژ دێنێ‌دینی نییە .

وەابو الدرداء دەفەرموێ: " لا ايمان لمن لا صلاة له "، واتە: ئەوەی نوێژ نەکات ئیمانی نییە .

وەالحافظ المنذري دەفەرموێ: "کۆمەڵێک ڕا لەهاوەڵان هەیەلەسەر بەکافر زانینی ئەوکەسەی واز لەنوێژ ەکەی دێنی تا هەموو کاتەکەی دەڕوا " لەوانە: (عومەری کوڕی خەتتاب و أبوهريره و عبدالله ی

کوڕی مەسعود وعبد الله ی کوڕی عباس و مەعاذی کوڕی جەبەل و جابری کوڕی عبد الله وأبو الدرداء و عبد الرحمن بن عوف و غەیری ئەمان (ڕەزای خوایان لێبێت) .

وابن القیم دەفەرموێ: " وەلەهاوەڵانەوەنەهاتووە بەپێچەوانەی ئەمە" وەوتەیەکی ئیمام أحمد هەیە کە هەرکەسێ بانگ بکرێت بۆ نوێژ لەکاتی خۆیداو بڵێنوێژ ناکەم و خۆی لێ بێ ئاگا بکات تا دەفەوتێ واجبە بکوژرێ، واتە لە دەوڵەتی ئیسلامی دا .

وەلەم زەمانەدا فتوا دراوە لەسەر مورتەدی نوێژ نەکەرو کوژرانی و جیا کردنەوەی لەهاوسەرە موسڵمانەکەی . دەی چاوەڕێی چ چاکەیەک لە نوێژ نەکەر دەکرێ؟

پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دەفەرموێت : (( من ترک صلاة العصر فقد حبط عمله )) البخاری..

واتە: ئەوەی وازی لە نوێژی عەسر هێنا کردەوەکانی پوچەڵ دەبنەوە. دەسا ئەگەر ئەمە حاڵی ئەوکەسە بێت . ئەبێ حاڵی ئەو کەسە چی بێت کەهیچ نوێژێک ناکات و ئەبێ حاڵی چۆن بێت لەو ڕۆژەدا کە لە بەردەم خوای دەستەڵاتداری ئاسمانەکان و زەوی دا ڕادەوەستێنرێت؟

دەسا نوێژ نەکەر مەخەڵەتێ بەو تەمەنە کەمەی کەهەتەیان بەگەنجێتی یەکەت چونکە مردن ڕێگەت پێ دەگرێ ئەگەر چی تەمەنت درێژە بخایەنێ. وە وەک ئەوکەسە مەبە کە ناتوانێ سەرپێچی ئارەزووی خۆی بکات و لەسەر سەختی خۆی بەردەوامە و نایەوێ ئایەتەکانی خوا ببیستێ و بەردەوامە لەسەر یاخی بوون هەروەک ئەوەی گوێی لێنەبوبێ{ ویل لکل أفاک أثیم . یسمع آیات الله تتلی علیه ثم یصر مستکبرا کأن لم یسمعها فبشره بعذاب ألیم }.

## حوکمی نوێژ نەکەر

خوێنەری ئازیز ، ئەمە دەقی ئەو پرسیارەیە کە ئاراستەی جەنابی شێخ محمد صالح العثیمین کرا لە بارەی نوێژ نەکەرەوە، وەڵامەکەی بەهیوای سوود وەرگرتن :

پرسیار : ئایا پیاو ئەبێچی بکات ئەگەر فەرمانی بەکەس و کارەکەی کرد کەنوێژ بکەن ، بەڵام گوێیان بۆ نەگرت ، ئایا لەگەڵیاندا دەمێنێتەوە لەوماڵەدا و تێکەڵاویان دەکات یان لەماڵا دەچێتە دەرەوە؟

وەڵام : ئەگەر ئەو کەس و کارەی هەرگیز نوێژیان نەدەکرد ئەوە بێباوەڕن ، هەڵگەڕاوەن ، دەرچوون لەئیسلام و جائیز نییەکە لەماڵدا بمێنێتەوە، بەڵام لەسەری پێویستە کە بانگەوازیان بکات و زۆر بەردەوام دووبارەی بکاتەو لێیان بەڵکو خوا ڕێنمونیان بکات ، چونکە نوێژنەکەر کافرە(پەنا بەخوا) بەبەڵگەی قورئان و سوننەت و ووتەی هاوەڵان و بۆچوونی ڕاست .

لەقورئان دا / ووتەی خوای گەورە لەبارەی موشریکەکانەوە دەفەرموێ:{فإن تابوا وأقاموا الصلاة فإخوانكم فی الدین} مەفهومی ئایەتەکە ئەوە دەگەیەنی کەئەگەر وانەکەن ئەوابراتان نین، وەنەفی برایەتی دینی ناکەین بەهۆی یاخی بوون و تاوان ئەگەر چی گەورەش بێ، بەڵا م نەفی دەکەین لەکاتی دەرچوون لەئیسلام .

لەسوننەت دا / فەرموودەی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) : ((بین الرجل وبین الکفر والشرک ترک الصلاة)) کەچەسپاوە لە صحیحی موسلیم دا اتووە، وەفەرموودەیەکی تر لەبورەیدەوە ( ڕەزای خوای لێ بێ) کە لە (سونەن) دا هاتووە (( العهد الذی بیننا وبینهم الصلاة فمن ترکها فقد کفر )) واتە: ئەو پەیمان و جیاوازییەی لەنێوان ئێمەو بێ بڕواکاندایە نوێژە هەرکەس وازی لێ بێنێت کافر بووە.

لەووتەی هاوەڵاندا / پێشەوای ئیمانداران عومەر (ڕەزای خوای لێبیت ) فەرموویەتی : ((لاحظ فی الأسلام لمن ترک الصلاة)) وە(الحظ) واتە : بەش و نسیب ، لێرەدا بە(نکرة ) هاتووە بە بێ ألف و لام لەڕێڕەوە نەفی یەکەیەوە کەواتە گشتییەو نەکەم نەزۆر بەشی نییە لەئیسلام دا ئەوکەسەی واز لەنوێژ بێنێ .

وە عبد الله ی کوڕی شفیق دەفەرموێ: هاوەڵانی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) هیچ شتێکیان نەدەبینی لەکردوەکاندا کەنەکردنی کوفر بیت جگەلەنوێژ.

لەلایەنی بۆچوونی ڕاستیشەوە/ ئەوترێ: ئایا ئەچێتە ئەقڵەوەکەپیاوێک بەئەندازەی میقالەزەرەیەک لەخەردەل لەئیمان لەدڵی دا بێت وگەورەیی نوێژو گرنگێتی لەلایەن خواوەپێی بزانێو پاشان پارێزگاری نەکردنی بکات؟

ئەمەشتێکەناگونجێ، وەکاتێکۆڵیمەوەلەو بەڵگانەی کەئەوانەی پێیان وایەنوێژ نەکەر کافر نابێدەیکەنەبەڵگە، بینیم کەئەوبەڵگانەلەچوار شت تێناپەڕێت :

١– یان ئەوەتا ئەصلەن بەڵگەی لەسەر نییە .

٢–یان بەسراوەتەوەبەوەسفێکەوەکەلەو کاتەدا نوێژ نەکات هیچی لەسەر نییە.

٣–یان ئەو بەڵگەیە بەسراوەتە وەبەحاڵەتێکەوە کە ئەبێتە عوزر بۆ کەسێک ئەو نوێژەتەرک بکات.

٤– یان ئەوەتا گشتییەو بەفەرموودەکانی کافر بوونی نوێژ نەکەر تایبەت کراوە.

وەئەگەر ڕوون بوویەوە کە نوێژ نەکەر کافرەئەوا حوکمەکانی هەڵگەڕاوە(مرتد) ی بەسەردا ڕیز دەبێ، وەلەدەقەکاندا نەهاتووە کەنوێژ نەکەر ئیماندارەیان ئەچێتە بەهەشتەوە یان ڕزگاری ئەبێ لە ئاگر یان لەم شتانەی کەبیانومان بۆ درووست بکات تا تەئویلی ئەو کوفرەبکەین کەئەدرێ بەسەر نوێژ نەکەردا و بڵێین : ئەو کوفرەی نیعمەتەیان کوفرێکی بچووکە،

وەلەو حوکمانەش :

یەکەم : دروست نییەکەژنی بدرێتێوەئەگەر عەقدی بۆ بەسترا لەکاتێکدا نوێژی نەدەکرد ئەوا نیکاحەکەی بەتاڵەو دانامەزرێو ژنەکەبۆی حەڵاڵ نییە،بەپێی ووتەی خوای گەورەلەبارەی ئافرەتەکۆچەریەکانەوە {فإن علمتموهن مؤمنات فلا ترجعوهن إلى الكفار ، لاهن حل لهم ولاهم يحلون لهن } الممتحنة.

دووەم : وەئەگەر نوێژی تەرک کرد لەدوای بەستنی عوقدەکە بۆی ، ئەوا نیکاحەکەی هەڵدەوەشێتەوەو ئافرەتەکەبۆی حەڵاڵ نابێ.. بەپێی ئەو ئایەتەی لەپێشەوەباسمان کرد ، لەسەر ڕوونکرنەوەی زانراو لەلای ئەهلی عیلم لەنێوان ئەوەی کەئەمەپێش چوونەلای خێزانەکەی بێت یان دوای ئەوەبێت .

سێیەم : ئەم پیاوەی کەنوێژ ناکات ئەگەر گیانلەبەرێکی سەڕبڕی ئەوا سەربڕاوی ناخورێلەبەر چی؟ لەبەر ئەوەی حەرامە، وەئەگەر جولەکەیان گاور سەری ببڕێئەوەحەڵاڵەبۆ ئێمەکە بیخۆین (پەنا بەخوا) کەواتەسەربڕاوی دەستی ئەم پیس ترە لەسەربڕاوی گاورو جولەکە.

چوارەم : حەڵاڵ نییە کە بچێتە ناو مەککەوەیان سنووری حەرەمەکەی بەپێی وتەی خوا {ياأيها الذين آمنوا إنما المشركون نجس فلا يقربوا المسجد الحرام بعد عامهم هذا} .

پێنجەم : ئەگەر یەکێک لەنزیکەکانی مردن ئەوەبەش و مافی نییە لە میراتەکەیدا ، خۆ ئەگەر پیاوێک مردوو کوڕێکی نوێژ نەکەر ی هەبوو ،واتە: پیاوەکەنوێژ ئەکات و کوڕەکەی نوێژ ناکات، وەئامۆزایەکی دووری بەجێ هێشت ، کامیان میراتی بەرئەکەوێ؟ئامۆزا دوورەکەی بەری ئەکەوێبەڵام کوڕەکەی بەری ناکەوێ بەپێی فەرموودەی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)((لایرث المسلم الکافر ولاالکافر المسلم)) متفق علیه ... واتە: نەموسڵمان میراتی کافر دەگرێو نەکافر میراتی موسڵمان دەگرێ، وەبەپێی فەرموودەی : ((الحقوا الفرائض بأهلها ، فما بقي فلأولى رجل ذكر)) متفق علیه. وەئەمەش نموونەیە کە ئەچەسپێ بەسەر هەموو میراتگراندا.

شەشەم : ئەگەر مرد ناشۆرێو کفن ناکرێو نوێژی لەسەر ناکرێو لەگەڵ موسڵماناندا نانێژرێ. ئەی باشەچی لێدەکەین ؟ دەری دەکەین بەرەو بیابانێک و چاڵی بۆ هەڵدەکەنین و بەجلەکانیەوە لەوێدەینێژین ، لەبەر ئەوەی ڕێزی نییە، وەلەسەر ئەمەشەوەحەڵاڵ نییەبۆ کەسێک کەمردوویەکی لەلادا مرد و ئەیزانی کەنوێژ نەکەر بووەکە بیهێنێ بۆ موسڵمانان تا نوێژی لەسەر بکەن.

حەوتەم : ئەم کەسە لەڕۆژی دوایی دا لەگەڵ فیرعەون و هامان و قارون و ئوبەی کوڕی خەلەف دا حەشرٍ دەکرێت کەپێشەوای کافران بون _ پەنا بەخوا _ وەناچێتە بەهەشتەوەو حەڵاڵ نییە بۆ هیچ کەسێک لەکەس کاری کە بۆی بپارێنەوەوبەبەزەیی و لێخۆشبوون، لەبەر ئەوەی کافرەو موستەحەقی نییەبەپێی ووتەی خوا گەورە : { ماكان للنبى والذين آمنوا أن يستغفروا للمشركين ولو كانوا أولى قربا من بعد ماتبين لهم أنهم أصحاب الجحيم}.

کەواتە براکانم مەسەلە کە یەکجار ترسناکە، وەبەداخەوەهەندێک لەخەڵکی بەبچووکی تەماشای ئەمەدەکەن و کەسێک لەماڵەکەدا جێ دەکەنەوەکەنوێژ ناکات و و ئەمەش دروست نییە .

ئەمە حوکمی ئەو کەسەیە کە نوێژ تەرک دەکات ئەگەر پیاو بێت یان ئافرەت، ئەی ئەو کەسەی نوێژت واز لێهێناوە: یان کەمتەرخەمیت کردووەتیایدا ، فریای ئەو تەمەنەت بکەوەکەماوتەبەکردەوەی چاک . بەڕاستی نازانی چەندی تر لەتەمەنت ماوە، ئایا چەند مانگێک یان چەند ڕۆژێ یان چەند سەعاتێک ، عیلمی لای خوایەو هەردەم وتەی خوای گەورەت بیر بێت کەدەفەرموێ: { أنه من يأت ربه مجرما فإن له جهنم لايموت فيها ولايحيى} (طه :٧٤) ، وە دەفەرموێت:{ فأما من طغى وآثر الحياة الدنيا فإن الجحيم هي المأوى} النازعات .

خوا موەفەقمان بکات بۆ هەموو خێرو ڕزگار بونێ: و خوای گەورە ڕۆژانی تەمەنت خۆش بەخت وکامەران کات لەژێر سێبەری بەرنامەکەی خۆیدا بەعیلم و کردەوەو بانگەواز ... والله أعلم...

**وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين**

سەرچاوەی ئەم نامیلکەیە : حکم تارک الصلاة: شێخ محمد بن صالح العثیمین ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ).